# خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکە.. رەزا شوان



رۆمان کە بە زمانی ئینگلیزی (نوڤێل) ە، جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەب، بە ئەدەبی منداڵانیشەوە. هونەرێکی ئەدەبی پەخشان درێژە، لە بنەڕەتدا پشت بە خەیاڵ دەبەستێت. رۆمان چنراوێکە کۆمەڵێک رەگەزی ئەدەبی پێکەوە چنیوە کە پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە. بە کورتی پێناسەی رۆمان: نووسراوێکی ئەدەبی خەیاڵییە، درێژترە لە چیرۆک. رۆمان چەندین چەشنی هەیە، هەریەکە لەم چەشنانەش گوزارشت لە زەین و هزر و لە رووانینی رۆماننووس دەکەن. یا رۆمان بریتییە لە گێڕانەوەیەکی چیرۆئامێزی درێژ لە میانەی چیرۆکبێژ (رۆمانبێژ) ەوە، وێنەی ژیانی پاڵەوان و کەسایەتییەکان لە چەندین رووداودا، لە چەندین کات و شوێنی فراواندا دەردەخات. بێگومان خەیاڵ رۆڵێکی سەرەکی و گرنگی لە داڕشتنی رووداوەکاندا هەیە.

رۆمان لە چەند رەگەزێکی گرنگ پێکهاتووە، لەوانەش: خەیاڵ، بیرۆکە، بابەت، گرێ، کەسایەتییەکان ـ مەرجیش نییە کەسایەتییەکان مرۆڤبن، دەشێت ئاژەڵ و باڵندە و شتی تر یا خەیاڵی بن، کات، شوێن، رووداوەکان، زمان، شێواز، دیالۆگ، وەسف، گۆشەنیگا، گێڕانەوەی رووداوەکان لە لایەن (رۆمانبێژ ـ نووسەرەوە) ەوە. لە هەر رۆمانێکیشدا کێشەیەک یا زیاتر هەیە، پێویستە پاڵەوان یا کەسایەتییە سەرەکییەکەی رۆمانەکە، چارەسەری گونجاوی کێشەکان بکات.

ئەدەبی کوردیمان، لە نووسینی رۆمان بۆ گەورەساڵان، قۆناغێکی باشی بڕیوە. چەندین رۆماننوسی بە توانا و ناسراومان هەیە. چەندین شاکارە رۆمانی نایابمان هەیە کە لەسەر ئاستێکی جیهانی دان. بەڵام رۆمانی منداڵانمان بە نرخی نەبوونە، لە دو و سێ رۆمان تێناپەڕێت. دێینە سەر کرۆکی باسەکەمان، کە دەربارەی "رۆمانی کچی دورگە بچولەکە" یە بۆ مێردمنداڵان. کە سەرەتایەکی بەهێزە بۆ بناغەدانانی ئەم ژانرە ئەدەبییە لە ئەدەبی منداڵانی کورد دا.

رۆمانی (کچی دورگە بچۆلەکە) لە نووسینی شاعیر و چیرۆکنووسی ناسراوی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، مامۆستا (ئەمین محەمەد) ە، چاپی یەکەم ـ سلێمانی ـ ٢٠٢٢. لە چاپخانەی (بینایی) چاپکراوە. کە (٥٠٠) دانەی لێ چاپکردووە.
رۆمانەکە (٧٤) لاپەڕەیە. دابەشی حەوت بەشی کردووە. لە لایەن وێنەکێش (ئاڤار ئومێد) ەوە، وێنەی بەرگەکەی و بۆ هەر بەشێکیش وێنەیەکی رەنگاوڕەنگ یا زیاتری بۆ کێشاون. کوالیتی وێنەکان مامناوەندین.

پاڵەوانی رۆمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) کچۆلەیەکی هەشت ساڵانە بۆ خۆشەویستی و نزیک لە زمانی منداڵانەوە، نووسەر ناوی (لولو)ی لێناوە. کە لە دورگەیەکی بچکۆلەی جوان و قەشەنگی بەهەشت ئاسایی، کە پڕە لە گوڵزار و نێرگزەجاڕ و گوڵە هێرۆ و وەنەوشە و گوڵاڵە سوورە، لە باخی میوە و سەوزایی، لە کێوی سەرکەش و بەفرین، پڕە کەروێشکی گوێ قوت و ئاسکەی نەخشین و سمۆرە و بەرخۆلە و گورگ، لە باڵندەی هەڵۆ و نەورەس و مراوی و قاز و قولینگ و چۆلەکە و پەنگین (بەتریق) لە خاڵخاڵۆکە و لە پەپوولە. دورگەکە کەش و ئاو و هەوایەکی سازگاری هەیە، دەکەوێتە نێو دەریایەکەوە، دەریاکەش پڕە لە ماسی ناوازە و لە کیسەڵ و قرژانگ و دۆڵفین و هەشتپێ و تیمساح و ماینی دەریایی و لە ئەستێرەی دەریای و.. هتد. لولو ژیانی دورگەکەی زۆر پێخۆشە و بە زێدی خۆی دەزانێت. هەموو ئاژەڵ و باڵندەکانیشی خۆشدەوێت و کردوونی بە هاوڕێی خۆی . لولو زیرەک و ئازا و چاونەترسە و هیواخواز و گەشبینە و بڕوای بە ئەستەم نییە. هاوڕێ دۆستە و خۆی بە هاوڕێی هەموو ئاژەڵ و باڵندەکان دەزانێت، بە دێژیی رۆمانەکە کچۆلەیەکی چاکەخواز و یارمەتیدەر و فریاڕەسە. کچۆلەیەکی کراوە و سۆسیالە و پەیوەندیی هاوڕێتی لەگەڵ گیانەوەرانی ناو دەریا و باڵندە و ئاژەڵەکانی دورگەکەدا هەیە. هەموو ئەوانەی لەناو دەریا و دورگەکەدا بە زمانی کوردی لەگەڵ لولودا دەدوێن.

بێجگە لە لولوی پاڵەوانی رۆمانەکە، چەند کەسایەتییەکی تریش رۆڵیان لە رۆمانەکەدا هەیە، وەکو: داپیرە کیسەڵ، دایکە هەڵۆ، ماسییە ئاڵتوونییەکە، بووکی دەریا، هەشتپێ شین (ئەختەبووت).

کچی دورگە بچکۆلەکە، رۆمانێکی خەیاڵی فانتازییە، ئەم جۆرە رۆمانە بڵاوترین جۆری رۆمانە. رۆماننووس بێجگە لە جیهانی سەر زەوی، چۆتە جیهانی ناو ژێر دەریاوە، بەشێکی زۆری رووداوەکان و کەسایەتییەکان، لەسەر دەریا و ژێر دەریادان. بەشێکیشیان لەسەر دورگە بچکۆلەکە دان.

رۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکە، گەلێ رەهەندی لەخۆگرتووە: پەروەردەیی، زانیاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، رەوشتی، دەروونی، مرۆڤایەتی، ئاژەڵدۆستی، ژینگەپارێزی، نیشتمانی. بە گەلی بەهای بەرز و جوانیش رازاندوویەتەوە، وەک: هاوڕێتی، دڵسۆزی، خۆشەویستی، چاکەخوازی، راستگۆیی، هاوکاری، دلۆڤانی، تێکۆشان، کۆڵنەدان، ئازایەتی، بڕوا و متمانە بەخۆبوون، گەشبینی، هیواخوازی، ئیرادەی بەهێز و نەبوونی ئەستەم، پەشیمانی لە بەدکاری و دڵڕەقی، گەلێ خەسڵەت و بەهای تر.

لولوی پاڵەوانی چیرۆکەکە، کچولەیەکی ئەفسوناوییە، دەتوانێت لەسەر شەپۆلەکانی دەریادا مەلە و سەما بکات و بچێتە قووڵایی ژێر دەریا و سواری پشتی ماسی و

مـاینـی دەریـایی بێت و لە ئـاهـەنـگی جـەژنی (٢٠٨) سـاڵـەی لەدایکبـوونی داپیـرە کـیسەڵـدا بەشـداربێـت. ببێـت بە هـاوڕێیەکی دڵسۆز و خۆشـەویستی بـووکی دەریـا.

لولو دەستی بەسەر گەوهەرە ئەفسووناوییەکەی داپیرە کیسەڵدا هێنا، ئەو پەرجۆ و تـوانا ئەفـسووناوییەی پێبەخشی، کە لە کاتی پێویست و تەنگانە و فـریاڕەسیدا، ئەم رستەیە بڵێت (گەوهەرە ئەفسوناوییەکە بۆ یەک چرکە جوڵەی ئاسمان و زەوی و دەریـاکان رابگـرە) هەموو گەردوون رووناک دەبێتـەوە و داوا و مـرازیـش دێتـەدی.

پەنـابردنە بەر ئەفسوون (جادوو) کارێکی تازە و داهێنان نییە. لە زۆربەی چیرۆکە میللییەکان و فـۆلکلۆرییەکان و ئەفسانەییەکاندا، ئەفـسوون رەگەزێکی گرنـگ بووە بۆ ئەنجامدانی کاری لە توانابەدەر. وەکو هۆیەکیش بۆ چارەسەری کێشەکان و گەیشتنی پاڵەوانەکـانی چـیرۆکەکـان بە ئامانجـەکـانیـان. گـەڵی چیرۆکی فۆلکلۆری کـوردیـمـان هـەیە، کە چیرۆکی ئەفسانەیـین و خەیـاڵ و ئەفسوون رەگـەزێ سـەرەکین تێیـانـدا.

مامۆستا ئەمـین محـەمەد، تەنیـا رۆمـاننووسی منـداڵان نییە، کە بۆ گەیانـدنی پەیـام و مەبەستەکانی لە رۆمـانی کـچی دورگـە بچکـۆلـەکە پەنـای بـۆ ئەفـسوون بـردووبێـت. گـەلێ لـە کـەڵـە رۆمـاننـووسـانی ناسراوی جیهـانی، کـۆن و تـازەکـان، لـە شـاکـارە رۆمانـەکـانیـانـدا بۆ منـداڵان و مێردمنـداڵان، بـۆ گەیانـدنی پەیـامەکـانیان، پەنـایـان بـۆ ئەفـسوون بـردووە. بـۆ نمـوونـە:

(شـارل پیـرۆ) ی فـەرەنسی. لە رۆمـانی (سـانـدرێـلا - ١٦٩٧).
(دانیـال دیـڤـۆ) ی ئینـگلیزی. لە رۆمـانی (رۆبـنسـۆن کـروزۆ - ١٧١٩).
(لـویس کارۆل) ی ئینـگـلیزی. لە رۆمانی (ئەلـیس لە وڵاتی عـاجـباتییەکانـدا- ١٨٦٥).
(ئەسترید لیندگـرین) ی سویـدی. لە رۆمـانی (پـیپی گـۆرەویـدرێـژ - ١٩٤٥).
(جـوان رۆلینـگ) ی ئینـگـلیزی. لە زنجیرە رۆمانی (هـاری پـۆتـەر :١٩٩٥ -٢٠٠٧ ).

ئەمانـە و چەندین رۆماننووسی رۆمان بۆ منداڵان، ئەفـسوون رەگەزێکی سەرەکییە لە رۆمانـەکانیاندا. منداڵانی خوێنـەر چێژ و خۆشییەکی زۆر لە خوێنـدنەوەی رۆمانـەکانیان وەردەگرن. زۆربەشیان کراون بـە فیلمی کارتـۆنی ئەنیمەیـشن و بە فـیلمی سینـەمایی. بە ملیـۆنـان دۆلار دەستکـەوتیـان بـوون.

لە رۆمانی کچی دورگە بچـکۆلـەکەدا، (بـووکی دەریـا). لە پێشا کـچۆلـەیەکی دڵـرەق و بێبەزەیی و بەدکار بووە. ئازاری زۆری باڵندە و کەروێشکەکانی داوە و ئاوی کـردۆتە ناو شارە مێرووڵەکان. لە ئەنجامی ئەم بەدکارییانـەی، مێرووڵەکان تۆڵـەی لێدەکەنەوە، جـادووی لێـدەکەن و دەبـێت بـە بـووکی دەریـا. هـەشـتـپێی شینی دەریـا. کـە دانـا و پێشبینیکەرە، پێی وتـن بـەو مەرجە دەگەڕێیتەوە بۆ کچۆلە ئاساییەکە، کە باوەش بە پەلـکـە زێـرینـەدا بـکەیـت و بـڵێیت: " هـەمـوو گـەردوونـم خۆشـدەوێت". لـولـوی هـاوڕێـی یارمەتی دا، داوای لە گەوهـەرە ئەفـسوونـاوییەکە کـرد و وتی:" گەوهـەرە

ئەفسوناوییەکە بۆ یەک چرکە جوڵەی ئاسمان و زەوی و دەریاکان رابگرە" لەم ساتەدا بووکی دەریا، باوەشی بە پەلکەزێرینەدا کرد و وتی:" هەموو گەردونم خۆشدەوێت" یەکسەر گەڕایەوە بۆ باری ئاسایی و بووەوە. بە کچۆلە جوانکیلەکەی جاران و وتی بە (لی لی) ناوم بەرن. بوو بە کچێکی دلۆڤان و هەموو ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەرەکانی خۆشدەویست و رقی لە هیچیان نەبوو و ئازاری نادان.

رووماننووس لێرەدا ئەو پەیامە پەروەردەیی و رەوشتییە بە منداڵان دەگەیەنێت. کە خراپە و ئازاردانی ئاژەڵان و باڵندەکان بەدکارییە، ئەنجامێکی خراپیان لێدەکەوێتەوە، بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان و پەشیمانی بوونیش، هەوڵ و قوربانیدانی دەوێت.

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان رۆمانی (گەشتەکانی نیلز) لە نووسینی رۆماننووسی سویدی (سەلما لاگیرلۆف) لەگەڵ رۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکەدا بکەین، لە نێوان بووکی دەریا و نیلزی چەتوون کە ئازاری قازەکان و ئاژەڵانی دەدا، کورتەباڵیەکی بەند کرد، لە ئەنجامی ئەم بەدکارییەی کورتە باڵاکە کە رزگاری بوو، تۆڵەی لێکردەوە و ئەفسوونی لێکرد، نیلز بوو بە بستە باڵایەک، لە کۆتاییدا پەشیمان دەبێتەوە و ئەفسوون لێکردنەکەی بە تاڵ دەبێتەوە، دەبێتەوە بە نیلزی ئاسایی، بەڵام بە منداڵێکئ میهرەبان. دڵڕەقی و بەدکاری و جادوولێکردن و پەشیمانی، خاڵی هاوبەشن لە نێوان ئەم دوو رۆمانەدا. گەلێ رۆمانی جیهانی لەم جۆرانە بۆ منداڵان هەن. کە بۆ سزادان و پەشیمانی پەنایان بۆ ئەفسوون بردوون. نە ئەو نووسەرانە و نە مامۆستا ئەمین محەمەدیش، چاویان لە یەکتری نەکردوون. بەڵکو زادەی خەیاڵ و بیرکرنەوەی خۆیانن. ئەگەر سوودیشیان لە چیرۆکە ئەفسانەیی و فۆلکلۆرییەکانی گەڵەکانیان وەرگرتووبێت، کارێکی ئاساییە. زۆر لە کەڵە نووسەرانی جیهان سوودیان لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی وڵاتەکانیان و وڵاتانی تر وەرگرتوون. بۆ نموونە: کەڵە نووسەری ناسراوی بواری ئەدەبی منداڵان (هانز کریستیان ئەندەرسین) ی دانیمارکی، کە بە باوکی ئەدەبی منداڵان لە جیهاندا ناودەبرێت. لە نووسینی چیرۆک و رۆمانەکانیدا بۆ منداڵان، سوودێکی زۆری لە ئەفسانەکانی وڵاتەکەی وەرگرتووە. مەبەستم ئەوەش نییە کە ئەفسانەی کوردیمان رەنگدانەوەی لە رۆمانی کچی دورگە بچکۆلەکەدا هەبێت. مامۆستا ئەمین محەمەد باکگراوند و ئەزموون و شارەزاییەکی زۆری لە نووسینی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد هەیە. رۆمانەکەشی زادەی خەیاڵ و بیری خۆیەتی و چاوی لە هیچ نووسەرێکی تر نەکردووە. لە ژیانی راستی و لە کێشەکانی گەلی کوردمانەوە ئیلهامی بۆ هاتووە.

لە رووی داڕشتن و زمان و خستنە رووی کێشەکان، مامۆستا ئەمین زۆر بە جوانی و بە زنجیرەیی کێشەکانی باسکردووە و چارەسەری کردوون، بە زمانێکی کوردی پەتی و سووک و ئاسان و رەوان، بێ گرێ و گۆڵ، بە شێوە و شێوازێکی هونەری و فانتازی، رۆمانەکەی داڕشتووە. وشە و رستەکانی لە فەرهەنگی زمانی منداڵانی

کوردەوە وەرگرتوون. ئەو مەرجەی بەدی هێناوە کە چیرۆکنووسان و رۆماننوسان و هەموو نووسەرانی کورد لە بوارەکانی ئەدەب، پێویستە شارەزای زمـان و رێـزمانی کـوردی بـن. ئـەو مەرجـەشی تێدایە کە رۆمـان نـابێت لە (٧٠) لاپـەڕە کەمتر بێت.

مـن پێموایە مامۆستا ئەمین، لە نووسینی ئەم رۆمـانەیدا، وەک یەکەم ئەزمـوونی، لە هەموو روویەکەوە سەرکەوتووە و توانیوێتی هەموو مەرج و رەگـەزە پێویستییەکانی رۆمان، لە رۆمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) دا بەرجەستە بـکات. وەک رۆماننوسێکی نووسەری رۆمـان بۆ منـداڵانی کورد بناسرێـت. دڵنیام کە بیریش لە نووسینی رۆمانی دووەمی بۆ منـداڵان دەکـاتەوە. وەکو بەڕێزیشیان لە بارەی نەبوونی رۆمانی کوردی بۆ منـداڵان و مێردمنداڵانی کوردمان، دەڵێت:" کەلێنێکی گەورەیە بە کەس و دوو کەس پڕ نابێتـەوە". تـا ئەمـڕۆش منـداڵانی کـوردمـان ئاشنای خـوێندنەوەی رۆمـان نـەبوونـە، هۆیەکەشی بۆ نـەبوونی رۆمـانی کوردی تایبـەت بۆ منداڵان و مێردمنداڵان دەگەڕێتەوە.

جـوانترین پیـرۆزبایی و دەستخـۆشی لە مامۆستا ئەمـین محەمـەد دەکـەم بـۆ نووسینی رۆمـانی (کچـی دورگە بچکـۆلەکە) کە شاکارێـکی ئەدەبی نـاوازە و نوێیـە بۆ منـداڵان.

چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد، کە وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، یان پارێزگاری سـلێمانی، بە فـەرمی دەستخۆشیان لە مامۆسـتا ئەمین محـەمەد بکـردایە و خەڵاتێکی شایستە و رێـزلێنان و پێزانینیان، بۆ ئەم دەستپێشخەرییەی لە بـواری ئەدەبی منـداڵان پێشکەش بکـردایە، بەداخـەوە. کە بانـگی گـۆرانـیبێژێـکی تـورک یا لـوبنـانی دەکـەن چەنـدیـن رۆژ ریـکلامی بۆ دەکـەن و چەنـد دەفتـەر دۆلار دەخـەنە جانتـاکەیـەوە و لە خۆشترین هـوتیلـدا جێی بـۆ دەگـرن و خـوانی تایبەتی بۆ دەڕازێننـەوە. بەڵام هیـچیان تیا بەسەر نییـە. تەنـانەت گـەر بە نـووسینێکیـش بێـت، سوپـاس و دەسـتخـۆشی لە نووسەرێکی داهێنەر و لە هـونەرمەنـدێکی کوردمان بکەن. کە لە پـارەی خەرجیی مـاڵ و منـداڵەکـانیان دەگـرنەوە، تا کـتێبـێکی پێ چاپ بـکەن. دەشزانـم کە مامۆسـتا ئەمین محـەمـەد، نـووسـەرێـکی نەفس بـەرزە و چـاوی لـە پـارە و خـەڵات نـییـە.

رەزا شوان